ئیستاتیکای دەنگی بەهجەت یەحیا

عادل محەمەد کەریم

٢٣/١٠/٢٠١٣

دیــارە هــەوڵ و تەقەلــای ئــەم هونەرمەنــدە گۆرانیبێــژە ماندوونەناســە پێــوەر ناکرێــت، کــە هــەر لــە سـەرەتای هاتنەنـاو دنیـای هونەریـەوە، بەهجـەت، لـەو هونەرمەنـدە دەگمـەن و دانسقانە بـوو، کـە مژدەی پاشـەڕۆژێکی ڕوونــی پــێ دایـن بــەوەی کــە لــە ڕێگــەی ئاراکانیــەوە دەر کــەوت، کــە ئــەم هونــەری بــە خـەم لەکۆڵ نـاوە و هەمیشـە وێـل بـوو بـەدوای هۆنـراوەی جـوان و سـەرنجڕاکێش، وێـل بـوو بـەدوای ئــاوازی گونجــاو، کاری دابەشــکرنی مۆســیقای گونجــاو، هــەر بۆیــە خــۆی بــەراورد دەکــرد بــە هەنــدێ لـە هونەرمەندانـی جیهـان، کـە چییـان کـردووە بۆ هونـەری گەلەکەیـان، کـە ئەمـە لەخۆوە نەبـوو، دیـارە کەمێــک بەئــاگا بــوو لــە مێــژوی ڕەوتــی هونــەری مۆزیــک، بۆیــە بەهجــەت هەمیشــە ســەرکز و دڵوریــا، سۆفیئاسـا هەمیشـە لـە خەڵوەتەکەیدا ناخـی لـە جۆشـداندایە، تـا ئـەوەی لـە سینەیدا پەنگـی خواردۆتـەوە، بــە هۆنــراوە و ئــاوازە تایبەتەکانــی گوزارشــتێکی ڕاســتگۆیانەیان لــێ بــکات، ئــەم خەڵــوەت و کاتتەرخـان کردنــە شــاراوەیەی بەهجــەت، ســەرچاوە و فاکتــەری ئیلهامــی هۆنــراوە و ئاوازەکانیــن.

لەنـاو هەمـوو میللەتانـدا، بەتایبـەت هونەرمەندانـی ڕۆژهەڵتـی ناوەنـد، ئـەو هونەرمەندانـە زۆر کەمـن، کـە دوور لـە ڕوکـەش و لـە دنیـای شـتە جوانەکانـی مرۆڤـەوە، کـە هەسـت و سـۆزە سـەرەتا ڕاسـتگۆیانە بـۆ ناخـی خۆیـان بدوێـن. ئـەم هەسـت و سـۆزە ڕاسـتگۆ و بێرتووشـەیە کـە کاتێـک بەرجەسـتە دەکرێـت بەهجەت یەحیا و دەگات بـە گوێگـر، پەیامـی هونەرمەنـدە بـۆ گوێگـران و پەیوەندیـی ڕۆح دروسـت دەبێت لەنێـوان کارە هونەرییەکـەی و ئێمـەی بیسـتەردا.

بەڕاسـتی خوێندنــەوە و تاوتوێکردنــی هونــەر، بەتایبەتیــش هونــەری مۆســیقا و الیەنــی ئیســتاتیکا و گوزارشـت و هەسـت و سـۆز، کارێکـی سـانا نییـە و لێکدانـەوە و تێڕوانینـی جۆراوجـۆری زانسـتی هەڵدەگرێــت )مەبەســتم زانســتە سروشــتی و زانســتە مرۆڤایەتییەکانــە( واتــە مۆســیقا وەک زانســتی دەنـگ ئـەوەی کـە پەیوەندیـی بـە فیزیـای دەنـگ و ماتماتیکـەوە هەیـە، یـان وەک فەلسـەفە )ئیسـتاتیکا( و سۆسـیۆلۆجی و سـایکۆ سۆسـیۆلۆجییە و مێـژوو و فۆلکلـۆر، کـە ئەمانـە هەمویـان دەچنـە ڕیـزی زانسـتە مرۆڤایەتییــەکان. ئەمــەی دوای دنیــا ســیحراوی و جوانییەکــەی الیەنــی هونــەری مۆســیقا و گۆرانییــە، کــە لێکدانــەوە و شــیکردنەوە و تاوتوێــکان هەمەالیەنــە و ڕەنگاڵــە و ڕەهــا نیــن، هاوشــێوەی زانســتە سروشــتییەکان بــەزووی بگاتــە بنبەســت.

هـەر بۆیـە دەڵێـم ئـەوەی کـە مـن لێرەدا دەمەوێـت ئامـاژەی پـێ بـدەم لەسـەر کارەکانـی بەهجـەت و سیماکانی دەنگـی ئـەم هونەرمەنـدە، لـە ڕێـی هەنـدێ لـە بەرهەمەکانییـەوە، ڕەنگـە نەمتوانییێت بەتەواوەتـی توانـا شـاراوەکانی هونەرمەند بەرجەسـتە بکـەم لـە هەمـوو ڕوویەکـەوە و دروستیشـە هونەرمەند لەگـەڵ زۆرێـک لـە ئاراکانـم نەبێـت، ئەمـەش زۆر ئاسـاییە و لەنگـی نییـە؟

ڕەنگـە زۆر جـار پرسـیار بکرێـت یـان دێتـە بەرگوێمـان لێـرە و لـەوێ، دەڵێـن دەنگـی بەهجـەت تایبەتـە. دەپرسـین بـۆ تایبەتـە، ئـەو هۆکارانـە چیـن کـە وا دەکـەن دەنگـی هونەرمەندێکـی گۆرانیبێـژی وەک بەهجـەت

و هەندێک لە هاوشێوەکانی تایبەت بکەن، ئەو سیمایانە چین کە دەنگێک دەبێتە تایبەت و گوێگرێکی زۆر بۆ خۆی ڕادەکێشێت و گوێگری هونەرمەندانی تر کەم دەکاتەوە، ئاخۆ ئەو پەیامە چی بێت کە لە هەگبەی ئەو هونەرمەندەدا هەیە؟ ئەمە خاڵی جەوهەرییە کە وای لە من کرد لە ڕێی شیکاری و وردبوونەوەم لە بەرهەمەکانی ئەوینستانی بەهجەت، تا هەندێ الیەنی شاراوە بەپێی ئەزموون و توانای خۆم لە دەنگی بەهجەت ئاشکرا بکەم بۆ هەواداران و خوێنەرانی بەڕێز.

بەدوای عەشقا

دەنگخۆشی و ئیستاتیکی دەنگ

واتە دەنگێکی جوان، دەپرسین بە کامە دەنگ دەوترێت جوان؟ کاتێ کە گوێبیستی دەنگی کەسێک دەبیین کە گۆرانی دەڵێت، ئەگەر سەرنجمان ڕابکێشێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان جیاوازیی هەبێت لەگەڵ دەنگی یەکێکی ئاسایی کە دەنگی خۆش نەبێت و گۆرانی بڵێت، ئەوا دەڵێین ئەوەی یەکەم دەنگی خۆشە. ئینجا با بێین بزانین ئەم دەنگخۆشیە چییە؟

لە ڕووی زانستی هونەری مۆسیقاوە ئەمە بەراورد بکەین بە ژەنیارێک، کاتێ کە ئامێرێکی مۆسیقا دەژەنێت زۆر جار لە کۆڕ و کۆبوونەوەی هەوادارانی موزیسیانەکاندا دەوترێت فالنە ژەنیار ئامێرەکەی خۆش یان جوان دەژەنێت، دووبارە ئەو پرسیارە دەکەینەوە و هۆکار چییە کە بەخۆشی و بەجوانی ئامێرەکەی دەژەنێت، ئەو سیمایانە چین کە وا دەکات ئەو ژەنیارە خۆشتر و جوانتر ئامێرەکەی دەژەنێت لە یەکێکی تر؟

لێرەوە، لەم دەروازەیەوە دەچمە هەڵسەنگاندنی دەنگی بەهجەتی هونەرمەندەوە، هەندێ لە نهێنییەکانی جوانیی دەنگی بەهجەت ئاشکرا دەکەم:

یەکەم، ئاشکرایە کە دەنگەکانی مۆسیقا لە ڕووی تیۆرییەوە بریتییە لە حەوت دەنگ )دۆ، ڕێ، می، فا، سۆڵ، ال، سی( کە هەریەک لەو دەنگانە لە چینی دیاریکراوی خۆیاندا، لە ڕووی فیزیای دەنگەوە )ئەکۆستیک) لەرینەوەکانیان دیاریکراوە، هەر کەم و زیادێک لەو لەرینەوانە، واتە دەنگێکی ناساز دەبیستی، کاتێکیش لەرینەوەی تۆنەکان تەواو بوون، ئەوا دەنگەکان لە شوێنی خۆیاندان و ساز و پاک دەبیسترێن، ئەم تۆنپاکییە یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە گوێگر الیرادی بڕیار دەدات لەسەر بەرامبەرەکەی، کە گۆرانیبێژ بێت یان ئامێرژەن دەڵێت، ئەو دەنگە پاکە، کە پاکیش بوو، واتە خۆش و جوانە. ئەم پاکیی دەنگە بەهجەت یەحیا ئەو سیمایەیە، کە لە دەنگی بەهجەتدا بەڕوونی بەدی دەکرێت. ئەوەشمان بیر نەچێت، دەنگخۆشی بەهرەیەکە کە مرۆڤ لە پێکهاتی فسیۆلۆجیدا لە ئەزەل و لەدایکبوونیەوە کە تیایدا بوو تیایەتی، کە نەشبوو، دروست نابێت. دیارە بەهجەت بێ هیچ شتێک، خۆی بەهرەی دەنگخۆشیی تیایە، ئەوەشمان بیر نەچێت، تەنها دەنگخۆشی بەس نییە، چونکە هەیە دەنگیشی خۆشە، بەاڵم نازانێت گۆرانی بڵێت، ئەمە پێچەوانەکەشی دروستە، واتە هەیە لە گۆرانیبێژان دەنگی زۆر خۆش نییە بەاڵم بە هەندێ تەکنیک و نواندن و جۆری ئەدا و چرین دێتە بواری گۆرانیوتنەوە؛ پەیامەکەی، کەم تا زۆر، دەگات.

دووەم، الیەنی هەست و گوزارشت دەربڕین.

لەڕووی فەلسەفییەوە، خانمە فەیلەسوفی ئەمریکی، سوزان النجەر، دەڵێت، لە هەر کارێکی هونەری

غیابی هەست و گوزارشت هەبوو، ئەوا ئەو کارە جوانیی تیادا بەدی ناکرێت. واتە یەکێک لە فاکتەرە بەهێزەکانی ئێستاتیکی هونەر، الیەنی هەستە، بێگومان سۆز و هەست الی بەهجەت بە شێوەیەکە، کە دەگمەنە و کەم گۆرانیبێژ هەیە هاوشێوەی بەهجەت بەو سۆز و هەستە گوزارشت لە واتای وشەی هۆنراوەی گۆرانییەکانی بکات، چونکە جۆر و ستایلی ئەم مۆسیقایە کە پێی دەوترێت )سوننەتی)، بۆخۆی نزیکە جۆرێکە لە تەسەوف و حاڵی دەروێشان و مەفتونی سۆفی و دەروێش بۆ ئایین و ئەودونیا. بەهجەت لێرەدا هاوشێوەی سۆفی و دەروێشێک کە گۆرانی دەچرێت، لەم دنیایە نییە و لە خەیاڵی قووڵی خۆیەوە مەفتونی ئەو ڕێبازی سوننەتییەیە، لە خەڵوەتایە بۆ ڕێبازەکەی، کە بە ڕای من، ئەمە لەنگی نییە و ئیمڕۆ بەهجەت لە کوردوستانی باشووردا لە ترۆپکی ئەم ڕێبازەدایەو پسپۆڕ و شارەزایە تیایدا، ئەم ستایلەش هەمیشە هەوێنی کارەکانێتی، هەست دەکەم بە گۆڕینی دابەشکردنی مۆسیقا و گۆڕینی ئامێرەکان، کە هاوشانی میلۆدییەکانی سی دی ئەوینستان، بەهجەت ویستبێتی کەمێک دووربکەوێتەوە لە ستایلەکەی پێشوو، بەاڵم خۆنەویستانە وشەی هۆنراوە و ئاواز و میلۆدی بنەڕەتی گۆرانییەکانی دەمانخاتەوە ناو ستایلی سونەتییەکەی، کە بەهجەتی پێ ناسراوە، کەواتە هەر بەدوای عەشقا ئەمە بەس نییە بۆ دوورکەوتنەوە لە ستایلەکە، بەم ستایلە بەهجەت سەرنجی گوێگرێکی زۆری بەالی خۆیدا ڕاکێشاوە و خەڵکێکی زۆری مەفتونی ئەم ستایلە کردووە. بۆنموونە، الیەنی گوزارشت لە گۆرانی بەتەنها دڵم، کە دەگاتە وشەی "ئەبێ حاڵ لە خۆم بێنم" بۆ دەربڕین لەمە بەتایبەت "حاڵ لە خۆم بێنم" ڕستی ئاسایی گۆرانییەکە دەگۆڕێت و ڕیتمێکی دەروێشیی ئایینی دەبیستین. هەروەها بۆ گوزارشت لە وشەی هۆنراوەکانی، ئاواز و ڕستی میلۆدییەکان بە جۆرێک دای ڕشتوون، چنیونی، کە بێتەوە لەگەڵ واتای وشە و هۆنراوەکان، بەزۆری ئاوازەکان هەر لە سەرەتای دەستپێک و ڕەوتی ئاوازەکە بەرەو ژوور، واتە بەرزبوونەوە و دابەزینەکان لەگەڵ واتای وشەی هۆنراوەکان گونجاون و لەنگی نابینی.

سێیەم، تەکنیک:

لە زانستی مۆسیقادا، کۆمەڵێک وەسائیل یان بە زاراوەیەکی تر، کۆمەڵێک دینامیکییەتە، کە ژەنیار یان گۆرانیبێژ بە دەنگی بەکاری دەهێنێت، ئەگەر ئەو گۆرانیبێژە یان ئەو ژەنیارە ئەزموون و توانا و پێشینەیەکی هەبێت و شارەزا بێت، چونکە تەکنیک شتێک نییە هەر وا و لەخۆوە دروست ببێت لە خاڵی یەکەمدا باسمان لە تۆنپاکی کرد، کە ئەمە بنەمایەکە، بەاڵم دەنگبێژی بەتوانا یان ژەنیاری بەتوانا تەنها بە دەنگپاکییەوە ناوەستێت و بەس؟ پێویستەو دەبێت هەندێ تەکنیک بەکار بهێنێت و بەسادەیی میلۆدی گۆرانییەکە نەدات بە دەستەوە، تا کارەکە ڕازاوەتر و سەرنجڕاکێشتر بێت لەو دینامیکییەتانە (پیانۆ، فۆرتی، کرشاندۆ و دیمینانۆ ئەپەجوتاریۆ و هەندێ زەخرەفەی تۆنەکان وردکردنەوەی دەنگەکان بۆ کێشە کورتەکان، فیبراتۆ...هتد(، ئەگەر سەرنج بدەینە کارەکانی ئەم سیدییە و کار و بەرهەمی ناو سیدییەکانی تری بەهجەت، ئەم تەکنیکانە زۆر بەڕوونی بەدی دەکرێت. تەنانەت لەم سیدییەدا، لە کۆتاییی گۆرانیی ئەوینستاندا هەمیشە و زۆر جار وا باوە، بە تۆنیکی سادەی )تۆنیک) گۆرانییەکە بە کۆتا دەگات، بەاڵم ئەم لێرەدا بەمەوە نەوەستاوە تۆنەکە بە زەخرەفەیەکی جوان تۆنی

بەهجەت یەحیا تۆنیکی بنەڕەتییەکە( تەسلیم دەکات و دەدات بە دەستەوە، هەمان شت لە تراکی هەشتەمدا، نیشتمان لە کۆتاییی ڕستەکاندا ئەم تەکنیکە دووبارە دەبێتەوە ”بە چاکەی خۆتم لە گەڵ کە“ لە بڕگەی ”کە“ لە ”هەرچی ئازارە ئەو نەیبێ“ لە بڕگەی ”بێ“ زەخرەفەیەکی جوان دروست دەکات و تۆنەکە بەسادەیی نادات بە دەستەوە، کە ڕەنگە هەبێت ئەمە بە لەنگی ببینێت، بەاڵم من بۆ خۆم بە جوانکارییەکی تری دەبینم، بەڕاستی لە هەموو کارەکانیدا تەکنیک، ئەوەی کە باسمان کرد، بوونی هەیە و زۆر جار دەگاتە ئاستی زیادەڕۆییش، بەاڵم بە دەنگێکی ساز و پاک و خۆش، بە هەست و تەکنیکێکی گونجاو ئەو زیادەڕۆییانە دادەپۆشێت و جوانییەکی تر دەبەخشێت بە میلۆدیی گۆرانییەکانی.

فاکتەرێکی تر، کە پێویستە لەیادی نەکەین و ئاماژەی پێ بدەین، کاری دابەشکردنەکانە، کە بەگشتی زۆر جوان و سۆڵۆی زۆر قەشەنگ دەبیستین، دابەشکردنەوە و نوێکردنەوەی گۆرانیی چەنێ دوربم زۆر شیاو و جوانترە و با بڵێین بەجۆشوخرۆش و گەرمترە لەوەی بیستراوە و ڕیتمی جوان لە سات و کاتی خۆیدا بەکار هاتووە و سۆڵۆی کەمانەکەش زۆر ڕۆحی و جوانە، شایانی ئاماژەپێدانە، دەست خۆش کاکە ئاالن کامیل گیان، زۆر زیاتر هەڵدەگرێت کە قسە لەسەر چۆنێتیی ژەندنی سۆڵۆ قەشەنگەکانی ئەم ژەنیارە بەتوانایەی کورد بکەم، ئەمە هەڵدەگرم بۆ سات و کاتێکی تر. ئەوەی کە جێی سەرنجە، دووبارە گۆرانیی ئەوینستانە، کە دوو جۆر دابەشکردنی بۆ کراوە، بە دوو ستایلی جیا، لە یەکەمدا، کە تراکی یەکەمە، سێتی چوارینەی ژێدار و عود و گیتار و ڕیتم و سۆڵۆی نای و سۆڵۆیەکی چەلۆ بەپلوپەنجە و هەستە ناسکەکەی برای هونەرمەندم، کاکە زانا عەزیزی ماندوونەناسی ناو ستودیۆکانی شاری سلێمانییە و هەمیشە وەک سەربازێکی ون بەوپەڕی دڵسۆزی و لەخۆ بووردەییەوە چەلۆکەی لەکۆڵ دەنێت و بە خۆشەویستی و خولیاوە خۆی ئامادە دەکات بۆ تۆمارکردنی بەرهەمە هونەرییەکان و هیالکبوونی ناو ستودیۆ نازانێت. بەراستی مایەی خۆشحاڵییە کە هونەرمەندی وا لە شارەکەماندا هەیە. هەروەها سۆڵۆ ناسکەکەی کاکە خەلیل، کە ئەمیش بەوپەڕی هەستناسکیەوە وەاڵمی ڕستی سۆڵۆی چەلۆکە دەداتەوە. کە خەلیلیش چاپووکانە بەدوای عەشقا و ماندوونەناسانە ماوەی دەیەیەکە بەردەوام بەخششی جوانی هەیە و بەوپەڕی لێبووردەییەوە هاوکاریی دەوڵەمەندکردنی مۆسیقای بەرهەمە هونەریەکانی شاری سلێمانییە. لە ستایلی دووهەمدا، هەمان میلۆدی ئەوینستان دەچڕێتەوە، بەاڵم بە هاوشانی تەنها ئامێری گیتار و عودێک، کە دووبارە بەم ڕەنگەش پەیامەکەی زۆر بە جوانی دەگات و تام و بۆ و چێژێکی تایبەتی هەیە، ئەمەش شتێکی نوێیە، تا ڕادەیەک، لەالی خۆمان، بەاڵم الی هونەرمەندانی تر و لەنێو گەالنی تردا، پەیڕەو کراوە، ئەمە زۆر جار دەبینین و دەبیستین کارێکی هونەریی پارچە مۆسیقایەک یان گۆرانییەکی دانسقە بۆ ئۆرکسترایەکی گەورە ئامادە کراوە، بەاڵم لە کات و شوێنیکی تردا پارتی ئۆرکستراکە دەگۆڕێت بۆ تەنها ئامێری پیانۆ و ئامێرێکی سۆڵۆ، یان پیانۆیەک و تەنها دەنگی گۆرانیبێژێکی سۆلۆ، کە بەڕای من ئەمە لە نرخی کارەکە دانابەزێنێت و لە هەندێ کاتدا ڕەنگە جوانتریش بێت. لێرەشدا هەردوو ئامێرەکە زۆر جوان و ئاوێزانن بە دەنگە پڕسۆزەکەی بەهجەت و زۆر جوان کارەکە بەرجەستە بووە، کەواتە جوانە میلۆدییەکی گۆرانی نوێی کوردی بە دوو بەرگی قەشەنگی ڕازاوە و جوان

مۆسیقای تراکی دووهەمیش، کە ئەمیش شاکارێکی جوانە، سەرەتا بە ڕیتمی گەڕیان دەست پێ دەکات، تا کۆپلەی یەکەمی گۆرانی، بەڵام دوای تەواوبوونی کۆپلەی یەکەم، دەگۆڕێت بۆ ڕیتمی شەش چوار و لێرەشدا سۆڵۆیەکی جوان بە پل و پەنجەی هونەرمەند، کاکە توانا خورشید بەدی دەکرێت و لە هەمان کاتدا کۆتاییی کۆپلەی دووهەم و سێیەم، بە دوو دەنگی ئۆکتاف، واتە چینی ئاسایی و چینی هەشتدەنگ، واتە ئۆکتافێک بەرزتر بە دەنگی گۆرانیبێژەکە، ئەم دوو نیوەدێرە دەڵێتەوە "بنەو بارگەی خۆم خستووە" و "خۆشەویستی بێ سنوورم" کە ئەمەش ئەم ئۆکتافچڕینە، من وای دەبینم، بۆ یەکەم جارە کاکە بەهجەت ئەم تەکنیکە بەکار بهێنێت بۆ هاوشانیکردنی میلۆدیی بنەڕەتی لە چینی دەنگی خۆیدا. سیمای جیای ئەم دابەشکردنەش کۆتاییی گۆرانییەکە، کە بە مۆسیقایەکی جوان و سۆڵۆیەکی کالرنێت و دوایی بەرەو نەمان و فێتێک بەهێواشی گۆرانییەک کۆتایی دێت، کە ڕەنگە ئەمیش ئاوێزان بێت لەگەڵ واتای کۆتاییی وشەی هۆنراوەکە، کە دەڵێت خۆشەویستیی بێسنورم.

بەهجەت یەحیا ئەم سیمایانەی کە باسم کرد، لە سەرجەم بەرهەمەکاندا بەدی دەکرێت، سەرجەم ئەم سیمایانە لە یەک کاتدا لە کاری هەر هونەرمەندێکدا کۆ ببێتەوە، بێگومان کارەکە سەرنجراکێش دەبێت و ناکرێت هەڵوێستە نەکەین لە بەردەمیاندا.

لە کۆتاییدا دەڵێم، ئەوەی من لێرەدا ئاماژەم پێ داوە، هەڵسەنگاندی دەنگی کاکە بەهجەت و خوێندنەوەیەکی خێرا و سەرپێییە بۆ کارەکانی ئەوینستان، چونکە وەک ئاشکرایە، هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی بەرهەمە هونەرییەکان، کرداری شیکاریان گەرەکە، تا ڕوونتر و زانستیانەتر و تایبەتتر بکەونە بەر دیدی پسپۆڕانی هونەری. من دوبارە دەستخۆشی لە کاکە بەهجەت یەحیا و سەرجەم بەشداربووانی بەرهەمەکانی دەکەم و هیوادارم لە بەخششی هونەری بەردەوام بێت.